# فێربوونی زمانی CSS بەکوردی




**CSS** (سی ئێس ئێس) کە کورتکراوەی Cascading Style Sheetsـە زمانێکە بەکاردێت بۆ پێناسەکردنی ڕووی دەرەوەی هەر پەڕگەیەک کە بە HTML یان XML دەنووسرێت. بەهۆی CSSـەوە دەتوانرێت ڕەونەقێکی جوان بدرێت بە ماڵپەڕ وەکو ڕەنگردن، فۆنتەکان، بەستەرەکان... هتد کەدەتوانیت خۆت بڕیار بدەیت بەچ شێوەیەک هەر یەک لەوانە دەربکەون. پەڕەی CSS درێژکراوەی پەڕگەکەی بریتییە لە css. و دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە بێ پایان پەڕگەوە، لەهەر پەڕگەیەکدا بەکاربرێت یەوا ڕووی ئەو کاریگەرییانە پیشان ئەدات کە لەناو پەڕگەی css ـەکەدا پێناسەکراوە نرخی پێدراوە.

## ناوەڕۆک


- ١ چ دەستکاریکەرێک(Editor) ؟
- ٢ بەستنەوە یان بەکار هێنانی لە html دا
  - ٢.١External Style Sheet
  - ٢.٢Internal Style Sheet
  - ٢.٣Inline Styles
- ٣ ڕستەکارSyntax -
- ٤ ڕەنگەکان Colours -
  - ٤.١ ڕەنگی پاشبنەمای نووسین
- ٥ دەق Text -
  - ٥.١ خێزانی جۆرپیتfont-family -
  - ٥.٢ قەبارەی فۆنتfont-size -
  - ٥.٣font-weight
  - ٥.٤ شێوازی فۆنتfont-style -
  - ٥.٥ دیکۆری دەقtext-decoration -
- ٦ فۆنتFont -
- ٧Margins and Padding
- ٨ قەراغ Border -
  - ٨.١ شێوازی قەراغ border-style -

- ٨.١.١ نرخە گونجاوەکانی ژێر ئەم تایبەتمەندییە
- ٨.٢ پانی قەراغ border-width -
- ٨.٢.١ نرخە گونجاوەکانی ژێر ئەم تایبەتمەندییە
- ٨.٣ ڕەنگی قەراغborder-color -
- ٩ لیستەList -
- ١٠ خشتەTable -
- ١١ لاکان Dimension -
- ١١.١ نموونە بۆ لاکان: Dimension -
- ١٢ هاوپۆلClassification -
- ١٢.١ نموونە بۆ هاوپۆلClassification -
- ١٣ شێوەی دانان/وەستان Positioning -
- ١٣.١ نمونەی ١:
- ١٣.٢ نمونەی ٢:
- ١٣.٣ نمونەی ٣:
- ١٤ pseudo-classes
- ١٤.١ نمونەی ١:
- ١٥ pseudo-elements
- ١٥.١ نمونەی ١:
- ١٥.٢ نمونەی ٢:
- ١٦ پاشبنەما background -
- ١٦.١ ڕەنگی پاشبنەما Background Color -
- ١٦.١.١ نموونەیەک
- ١٦.٢ پاشبنەمای وێنەیی Background Image -
- ١٦.٣ نموونەیەکـو کۆکردنەوەی ٣ تایبەتمەندی
- ١٧Class and ID Selectors


# چ دەستکاریکەرێک (Editor)؟

بۆ فێربوونی `css` تەنها پێویستت بە دەستکاریکەرێک (بۆ نووسینی کۆدەکان) و وێبگەڕێک (بۆ بینینی ئەنجام) دەبێت. هیچ ئامرازێکی تر یان نەرمەکاڵایەکت پێویست نابێت. دەستکاریکەر لە ویندۆز وەک Notepad کە سادەترین دەستکاریکەری دەقە، بەڵام ئەوانەی کە ئامۆژگاریکراون وەک:

- NotePad++
- Bluefish
- Geany
- Gedit
- Medit
- VIM

# بەستنەوە یان بەکارهێنانی لە html دا

S دەتوانرێت بە سێ شێوە تێکەڵ بکرێت لەگەڵ HTML تاوەکو ئەو تەکنیکە بەدروستی کاربکات.

## External Style Sheet

پەڕگەیەکی تایبەت و لەدەرەوە بە CSS بۆ نمونە style.css و ڕاکێشانی پێناسەکردنی بۆ ناو کۆدی html بەشێوەی rel لە کۆدەکانی head دا بۆ نمونە:

```
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
```

## Internal Style Sheet

یان هەمان پەڕە و بەم شێوەیە:

```
<head>
<style type="text/css">
body {
background:#707070 none repeat scroll 0 0;
font-family:"Unikurd Web", Tahoma, "DejaVu Sans", Arial, Verdana;
font-size:10pt;
direction: rtl;
}
p {
position:absolute;
top:10px;
width:400px
}
</style>
</head>
```

## Inline Styles

بەتێکەڵکردنی لەگەڵ تاگی HTML یەکەدا بەم شێوەیە:

```
<P style="font-size: x-large; color: #ff9900">
   Sillaw em Katetan bash, awha style dexrete ser TAG html _;)
</p>
```

# ڕستەکار - Syntax

دارِشتنی CSS پێک هاتووە لە سێ بەش: selector، property، value.

```
selector {property: value}
```

- **selector:** بەشێکی/تاگێکی HTML-ە کە دەتەوێت پێناسەی بکەیت.
- **property:** تایبەتمەندییەکە کە دەتەوێت نرخەکەی بیگۆڕیت.
- **value:** هەر تایبەتمەندییەک (property) نرخێکی (value) هەیە.

```
body {
font-size: 11px;
color: blue;
}
```

ئەگەر لەحاڵەتێکدا نرخەکە لەچەند وشەیەک پێک هاتبوو ئەوە باشتر وایە بخرێتە ناو دوو دەقەوە:

```
serdêrr {font-family: "unikurd Web"}
```

# ڕەنگەکان - Colours

ئاشکرایە کە ڕەنگ بۆ خۆی جوانی تەواو دەبەخشێت بە پەڕگەکانی سەر وێب بەشێوەیەک کە لەگەڵ یەکتردا گونجاو بن. دەتوانرێت ڕەنگەکان بە ٣ شێوەی جیاواز بنووسرێن:

1. **ناو - name**
2. **rgb** - red/green/blue یان
3. **hex**

بۆ نموونە ڕەنگی سوور دەتوانرێت بەو چەند شێوەی خوارەوە بنووسرێت:

```
red
```

یان

```
rgb(255,0,0)
```

که ئەویش هاوشێوەیە لەگەڵ

```
rgb(100%,0%,0%)
```

بەهەمان شێوەش

```
#ff0000
```

یان هەروەها

```
#f00
```

هەریەک لەو کۆدانەی سەرەوە هاوشێوەن بۆ ڕەنگی سوورو هەرکامێکیان بەکارببەی ئەوە ڕەنگی سوور دەبەخشن.

تاوەکو ئێستا تەنها ١٧ ناوی ڕەنگ پێناسەکراون تاوەکو بتوانرێت بەکار ببرێت، ئەوانیش بریتین لە:

```
qua, black, blue, fuchsia, gray, green, lime, maroon, navy, olive, orange,
purple, red, silver, teal, white, and yellow
```

چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگەکان لەناو پەڕەیەکی css دا بەم شێوەیە ئەبێت:

```
h1 {
color: #00ff00
}
h2 {
color: #dda0dd
}
p {
color: rgb(0,0,255)
}
```

## ڕەنگی پاشبنەمای نووسین

بۆ ئەوەی کە پاشبنەما ڕەنگ بکەیت واتە ئەگەر پاشبنەمای نووسینەکە ڕەنگ بکەیت ئەوە دەنووسیت ( ئەو کۆدە بەواتای نووسینێکی سوورو بەپاشبنەمایەکی خۆڵەمێشی):

```
h1 {
color: red;
background-color: gray;
}
```

# Text - دەق

هەموو ماڵپەڕێک پێکهاتووە لە کەم یان زۆر لە دەق، ئیتر ئەو دەقانە بۆ ڕوونکردنەوە بێت یان بۆ هەر مەبەستێک بنووسرێت. لە پەڕەی css دا دەتوانیت جۆری ئەو دەقانە دیاری بکەیت، قەبارەکەی، ڕەنگی، شوێن (ڕاست، چەپ، ناوەڕاست یان justify)، ئاڕاستە (direction).

## font-family - خێزانی جۆرەپیت

ئەمەش جۆری فۆنتەکە ئەگرێتەوە واتا ناوی فۆنتەکە, ئەگەر لە جۆرەپیتێک (فۆنت) زیاتر بوون ئەوە بەهۆی کۆماوە (،) لێک جیادەکرێنەوە.

```
nawerok {
font-family: "Unikurd Web", tahoma, arial, helvetica;
}
```

تێبینی: ئەگەر لە حاڵەتێکدا ناوی فۆنتەکە لە ووشەیەک زیاتر بوو ئەوە پێویستە بکرێتە نێوان دوو کۆماوە، بەم شێوەیە: "Unikurd Web".

## font-size - قەبارەی فۆنت

لێرەدا قەبارەی فۆنتەکە دیاری دەکرێت و ئەو تیکستەی کە هەیە بەو قەبارەیە دەردەکەوێت کە لێرەدا نرخی بۆ دادەنرێت.

```
body
{
font-size: 13px
}
```

بێجگەلە ژمارە دەتوانین بەم نرخانەش قەبارەی فۆنتەکان دیاری بکەین:

```
x-small
small
medium
large
x-large
xx-large
smaller
larger
length
%
```

## font-weight

لێرەدا دەریدەخەین کە فۆنتەکە / دەقەکان ئاسایی (normal)، ئەستور (bold) بن. **بۆ نموونە:**

```
font-weight: bold;
```

یان

```
font-weight: normal;
```

## font-style - شێوازی فۆنت

بۆ شێوازی فۆنتەکان ئەوە ٣ نرخمان هەیە ئەویش : normal، italic، oblique. هەروەها بەم شێوەیە بەکاردێن لەناو پەڕەی css دا:

```
font-style: italic;
```

## text-decoration - دیکۆری دەق

لێرەدا ئەو تێکستەی (دەق) کە هەیە دەتوانرێت بە ٣ نرخی جیاواز پیشان بدرێن :

- overline : هێڵ بەسەرووی دەقەکەوە بێت.
- line-through : هێڵ بەناو دەقەکەدا بڕوات.

- underline : هێڵ بەژێردا هاتوو.

```
 text-decoration: overline;
/* yan */
 text-decoration: line-through;
/* yan */
 text-decoration: underline;
```

**هەروەک نموونەیەک بۆ زانیاری زیاتر ئەوانەی لەسەرەوە باسکران بەم نمونەیە ئەیخەینەڕوو کە چۆن بەکاردێن لەناو پەڕەی css دا:**

```
body {
        font-family: "Unikurd Web", Tahoma, arial, helvetica;
        font-size: 11pt;
        text-decoration: none;
        font-style: italic;
        text-align: right;
}
```

# Font - فۆنت

فۆنتیش بەهەمان شێوەی دەقەکان وایە. بەواتای ئەوەی هەمان تایبەتمەندی و نرخ کەبەکاری دەهێنین بۆ دەقەکان دەتوانین بۆ فۆنتەکانیش بەکاری ببەین. **نموونەیەک:**

```
h5 {
font-family: "Unikurd Web", tahoma, arial;
font-size:13px;
font-weight:bold;
text-decoration: underline;
}
```

پێویست بەدووبارە کردنەوە ناکات چونکە وەک ووترا کە هەمان شێوەو تایبەتمەندی دەقەکان دەتوانیت بەکارببەیت بۆ فۆنتەکانیش.

# Padding Margins and

تایبەتمەندی margin بەکاردەبرێت بۆ پێناسەکردنی بۆشایی لەدەورووبەری توخمێک (element). دەتوانرێت هەروەها نرخی نێگەتیڤ بەکار بهێنرێت بۆ نرخەکان کە ئەیدرێتێ. چوار جۆر نرخ هەیە بۆ margin :

```
1. margin-top
2. margin-right
3. margin-bottom
4. margin-left
```

وە بۆ هەر یەک لەو نرخانە تەنها ٣ نرخی جیاواز هەیە کە بەکاری بهێنیت:

```
1. auto
2. length
3. %
```

تایبەتمەندی padding بۆ پێناسەکردنی بۆشایی لەنێوان borderـی توخمێک (border element)لەگەڵ ناوەڕۆکی توخمێک (element content). بەهەمان شێوە چوار جۆر نرخ هەیە بۆ تایبەتمەندی padding کە هەمان نرخن وەک لە margin باس کراون بەڵام ئەم جارە تەنها ٢ نرخ هەیە بۆ هەریەک لەمانە :

```
1. length
2. %
```

بەم شێوەیە بەکاری ئەهێنین لەناو پەڕگەی css دا:

```
h3 {
       font-size: 13px;
       background-color: #eee;
       margin: 3px;
       padding-top: 5%;
}
```

# Border - قەراغ

مەبەست لە Border ئەوەیە کە قەراغێک درووست بکەیت بەدەوری توخمێکدا (element)، جا ئەو توخمە نووسین، وێنە ...هتد بێت. بۆ ناسینەوەی قەراغەکان لە پەڕگەی css دا ئەوە بە پێشگری border دەست پێ دەکات.
لە HTML دا خشتە (table) بەکارئەهێنین بۆ درووستکردنی قەراغێک بۆ نووسینێک بەڵام لە css دا ئەوە قەراغ بەکار

دێنین و کاریگەری وەکو ڕەنگ دەتوانین بیدەینێ. هەروەها دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ چەندەها توخم (element) لەهەمان کاتدا. تایبەتمەندیborder بەم شێوازانەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

# شێوازی قەراغ - border-style

**border-style** : دیاریکردنی هەموو قەراغەکانی هەر توخمێک بە گشتی.

**border-top-style** : دیاریکردنی شێوازی سەرەوەی توخمەکە (element).

**border-right-style** : دیاریکردنی شێوازی توخمەکە بەشی لای ڕاست.

**border-bottom-style** : دیاریکردنی شێوازی توخمەکە بەشی خوارەوەی.

**border-left-style** : دیاریکردنی شێوازی توخمەکە بەشی لای چەپ.

### نرخە گونجاوەکانی ژێر ئەم تایبەتمەندییە

```
none, dotted, dashed, solid, double, groove, ridge, inset, outset, hidden
```

بەم شێوەیە بەکاری ئەهێنین لە پەڕگەیەکی css دا:

```
.solid {
border-right-style: solid;
}
```

هەروەها دەتوانیت لەهەمان کاتدا چەند نرخێک پێکەوە بەکارببرێت، بۆ نموونە :

```
.table {
border-style: dotted dashed;
}
```

# پانی قەراغ - border-width

- **border-width:** پانی border ـە کە لەهەموو لایەکەوە.
- **border-top-width:** پانی قەراغەکە (بەشی سەرەوە - top).
- **border-right-width:** پانی قەراغەکە (بەشی لای ڕاست - right).

- **border-bottom-width:** پانی قەراغەکە (بەشی خوارەوە - bottom).
- **border-left-width:** پانی قەراغەکە (بەشی لای چەپ - left).

**نرخە گونجاوەکانی ژێر ئەم تایبەتمەندییە**

```
thin, medium, thick
```

**چەند نموونەیەک (لێرەش بەهەمان شێوە دەتوانرێت زیاتر لە نرخێک بەکار ببرێت):**

```
table {
border-width: thin medium
}

/*bekarhênanî zyatr le nrxêk*/
table {
border-width: thin medium thick
}

/*pîksl le cyatî nûsînî nrxekan*/
ttable {
border-left-width: 2px 4px;
}
```

# ڕەنگی قەراغ - border-color

ئەم تایبەتمەندییەش بریتی دەبێت لە ڕەنگکردنی قەراغ (border)و پێک دێت لە چەند نرخێک بەهەمان شێوەی ئەوانەی لەسەرەوە باس کراون:

```
border-color
border-top-color
border-right-color
border-bottom-color
border-left-color
```

چۆنیەتی نووسینی ئەم تایبەبتمەندییە (بەچەند شێوەیەکی جیاواز)لە پەڕگەی css ـدا:

```
p.reng1 {
border-right-color: red;
```

```
}

p.reng2 {
border-color: #cc3421;
}

p.reng3 {
border-color: #fc0 blue #cf0;
}
```

# لیستە - List

مەبەستمان لە لسیتە لێرەدا ئەوەیە کە بتوانرێت ژمارە و خاڵ یان بازنەی بچووک یان چوارگۆشەی بچووک دابنێیت لەهەر پەڕەیەکی سەر وێب هەروەها لە جیاتی ئەوەش دەتوانرێت وێنە دابنرێت.

لێرەدا ئێمە ٤ تایبەتمەندیمان هەیەو هەریەک لەوانەش نرخی جۆراوجۆریان هەیە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت:

```
list-style:    - list-style
               - list-style-position
               - list-style-image

list-style-image:     - none
                      - url

list-style-position:  - inside
                      - outside

list-style-type:      - none
                      - disc
                      - circle
                      - square
                      - decimal
                      - decimal-leading-zero
                      - lower-roman
                      - upper-roman
                      - lower-alpha
                      - upper-alpha
                      - lower-greek
                      - lower-latin
                      - upper-latin
                      - hebrew
                      - armenian
                      - georgian
```

```
                        - cjk-ideographic
                        - hiragana
                        - katakana
                        - hiragana-iroha
                        - katakana-iroha

marker-offset:          - auto
                        - length
```

چۆنیەتی بەکارهێنانیان بەم شێوەیە ئەبێت لەناو پەڕگەیەکی css ـدا:

```
disc {
        list-style-type: disc;
     }

circle {
        list-style-type: circle;
        }

square {
        list-style-type: square;
        }

none {
        list-style-type: none;
     }
```

خۆ ئەگەر بمانەوێت وێنەیەک دابنێین لەجیاتی بەکارهێنانی نرخەکان لە لیستێک (list)ـدا ئەوە بەم شێوەیە دەینووسین:

```
ol {
        list-style-image: url("nawî_wêneke.gif");
   }
```

# خشتە - Table

خشتە ڕێگە ئەدات کە بتوانیت خشتەیەک درووست بکەیت و بەپێی پێویستی کە بەکارهێنەر ئەخوازێت لەنێو ماڵپەڕەکەیدا بیکات. بەهەمان شێوە تایبەتمەندی جیاواز هەیەو بۆ هەریەک لەوانە نرخی جیاوازیش هەیە.

| نرخەکان | تایبەتمەندی |
| --- | --- |

| | |
|---|---|
| border-collapse | collapse<br>separate |
| border-spacing | length length |
| caption-side | top<br>bottom<br>left<br>right |
| empty-cells | show<br>hide |
| table-layout | auto<br>fixed |

هەریەک لەو تایبەتمەندیانە بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت لەناو پەرگەیەکی CSS دا:

```
xişte.yekem
{
table-layout: auto
}
xişte.dûhem
{
table-layout: fixed
}
xişte.sêhem
{
border-collapse: separate;
empty-cells: show
}
```

# Dimension - لاکان

مەبەست لە لاکان لێرەدا ئەوەیە کە ڕیگە ئەدات بە کۆنترۆڵکردنی بەرزیو پانی هەر توخمێک (element) وە هەروەها دەتوانرێت بۆشایی نێوان دوو هێڵ (بۆ نموونە وەکو دوو دێر لە نووسین) پێ زیادو کەم بکرێت.

| تایبەتمەندی | نرخەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|
| height | auto<br>*length*<br>*%* | دیاریکردنی بەرزی بۆ توخمەکە. |
| line-height | normal<br>*number*<br>*length*<br>*%* | دانانی دووری نێوان هێڵەکان |

| | | |
|---|---|---|
| max-height | none<br>*length*<br>*%* | دانانی ئەوپەڕی بەرزی بۆ توخمەکە |
| max-width | none<br>*length*<br>*%* | دانانی ئەوپەڕی پانی بۆ توخمەکە |
| min-height | *length*<br>*%* | دانانی کەمترین بەرزی بۆ توخمەکە |
| min-width | *length*<br>*%* | دانانی کەمترین پانی بۆ توخمەکە |
| width | none<br>*length*<br>*%* | دیاریکردنی پانی بۆ توخمەکە. |

**چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو تایبەتمانديیانە لەناو CSS دا:**

```
img {
height : 200px;
}

p.small {
line-height: auto
}
p.big {
line-height: 0.9cm
}

p {
max-height:100px;
}

p {
min-height: 50px;
}

p {
max-width: 500px
}
```

# نموونە بۆ لاکان - Dimension :

- ئێستا پەڕەیەک بکەرەوە بەهەر یەکێکی لەو پرۆگرامانەی کەنابراوە لەسەرەوەو ئەم کۆدانە بخەرە ناوی‌و بە شێوەی style.css پاشەکەوتی بکە:

```
img.normal {
height : 300px; /* Lêreda berzî wêneke 300px abêt*/
width: 400px; /* Panî wêneke 400px abêt */
}

p.small {
line-height: auto; /* berzî nêwan nûsênekan */
}
p.big {
line-height: 0.7cm;
max-width: 600px; /* her dêrrêk tenha 600px debêt */
}
```

- هەروەها پەڕەیەکی تریش بکەرەوەو ئەو کۆدانەی خوارەوە بخەرە ناوی‌و بە ناوی index.html پاشەکەوتی بکە:

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>
<img class="normal" src="nawî-wêneke.jpg" />

<p class="small">
Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and typesetting industry.
Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever since
the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and scrambled it
to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,
</p>

<p class="big">
Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and typesetting industry.
Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever since
the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and scrambled it
to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,
but also the leap into electronic typesetting, remaining essentially
unchanged.
</p>
```

```
</body>
</html>
```

# Classification - هاوپۆل

هاوپۆل پێمان دەڵێت کە چۆنو لەکوێ هەر توخمێک دەربکەوێت لە پەڕەیەکەی هتمل (HTML)دا. هاوپۆلەکان ئەم تایبەتمانديیانە لە خۆ دەگرێت:

| تایبەتمەندی | نرخەکان |
|---|---|
| clear | left<br>right<br>both<br>none |
| cursor | *url*<br>auto<br>crosshair<br>default<br>pointer<br>move<br>e-resize<br>ne-resize<br>nw-resize<br>n-resize<br>se-resize<br>sw-resize<br>s-resize<br>w-resize<br>text<br>wait<br>help |
| display | none<br>inline<br>block<br>list-item<br>run-in<br>compact<br>marker<br>table<br>inline-table<br>table-row-group<br>table-header-group<br>table-footer-group<br>table-row<br>table-column-group<br>table-column<br>table-cell<br>table-caption |

| | |
|---|---|
| float | left<br>right<br>none |
| Position | static<br>relative<br>absolute<br>fixed |
| visibility | visible<br>hidden<br>collapse |

## نموونە بۆ هاوپۆل - Classification

- تایبەتمەندی `display` : لە پەڕگەیەکی css ـدا ئەمە دابنێ:

```
p {
display: inline;
}
div {
display: none;
}
```

لە پەڕگەیەکی html ـیشدا ئەو کۆدانە ڕەنووس بکە:

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>
<p>Eme tenha pêk hatiwe le tekstêkî bînraw</p>
<p>em dêrreş deçête pal ewey serewe.</p>

<div>Em dêrre behîç şêweyek dernakewêt.</div>

</body>
</html>
```

- تایبەتمەندی `cursor` : لە پەڕگەی css ـدا:

```
span {
cursor: help;
}
```

لە پەڕگەی html ـدا:

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>

<span>Ger mişkeke bxeyte ser em risteye ewe nîşaneyekî pirsyar
ebînît.</span>

</body>
</html>
```

بۆ هەریەک لەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە کە ناویان هێنراوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە بەکارهێنانیان لەناو پەڕگەیەکی css ـدا، بۆیە دەتوانیت خۆت زیاتر هەوڵ بدەیت‌و تاقیان بکەیتەوەو تاوەکو زیاتر شارەزایی لەبەکارهێنانیان هەبێت.

# شێوەی دانان/وەستان - Positioning

ئەم تایبەتمەندییە لە css ـدا ڕێگەئەدات بە دانانی هەر توخمێک کە چۆن دەربکەوێت لەسەر پەڕەیەکی سەر نێتدا، جا ئایا ئەو توخمە نووسین (تێکست) بێت یاخوود وێنە.
ئەم تایبەتمەندیەش وەکو هەموو ئەوانەی پێشووتر باس کراون لەچەند تایبەتمەندییەک پێکهاتووە کە هەریەکەیان چەند نرخێکی (values) جیاوازیان هەیە.

| نرخەکان | تایبەتمەندی |
|---|---|
| auto<br>%<br>length | bottom |
| *shape*<br>auto | clip |
| auto<br>%<br>length | left |

| | |
|---|---|
| overflow | visible<br>hidden<br>scroll<br>auto |
| Position | static<br>relative<br>absolute<br>fixed |
| right | auto<br>%<br>length |
| top | auto<br>%<br>length |
| vertical-align | baseline<br>sub<br>super<br>top<br>text-top<br>middle<br>bottom<br>text-bottom<br>length<br>% |
| z-index | auto<br>number |

لێرەدا چەند نمونەیەک بۆ شێوەی دانان/وەستان - **Positioning** دەخەینەڕوو :

## نمونەی ١:

```
p {
position:absolute;
top:10px;
width:400px
}
```

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>
```

```
<body>

<p>Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and typesetting
industry.
Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever since
the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and scrambled it
to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,
but also the leap into electronic typesetting, remaining essentially
unchanged.
</p>

</body>
</html>
```

## نمونەی ٢:

```
p {
position:fixed;
left:100px;
top:10px;
}
```

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>

<p>Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and typesetting
industry.
Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever since
the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and scrambled it
to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,
but also the leap into electronic typesetting, remaining essentially
unchanged.
</p>
```

```
</body>
</html>
```

## نمونەی ٣:

```
div.scroll
{
width:300px;
height:80px;
overflow:scroll;
}

div.hidden
{
background-color:#eee;
width:200px;
height:100px;
overflow:hidden;
}
```

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>

<p>Ger lêre seyr bikeyt ewe scroll dirust bwe.</p>
<div class="scroll">Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and
typesetting industry.
Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever since
the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and scrambled it
to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,
but also the leap into electronic typesetting, remaining essentially
unchanged.
</div>

<p>Lêreda scroll şardraweteweê be watay ewey nîşan nadrêt.</p>
<div class="hidden">Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and
typesetting industry.
```

```
Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever since
the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and scrambled it
to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,
but also the leap into electronic typesetting, remaining essentially
unchanged.
</div>

</body>
</html>
```

# pseudo-classes

`pseudo-classes` بەکاردێت بۆ پێدانی کاریگەرییەک بۆ هەر `selector` ێک (selector: بەشێکی/تاگێکی HTML-ەو کە دەتەوێت پێناسەی بکەیت).
ڕستەکار (syntax) بۆ pseudo-classes بریتییە لە:

```
selector:pseudo-class {property:value}
```

دەتوانرێت پۆل (class) لەگەڵ pseudo-classes بەکارببرێت :

```
selector.class:pseudo-class {property:value}
```

هەر بەستەرێک دەتوانرێت پیشان بدرێت بەچەند شێوازێکی جیاواز لە وێبگەرێکدا:

```
a:link {color:#FF0000} /* Besterî serdan nekraw (unvisited link) */
a:visited {color:#00FF00} /* besterî serdan kraw (visited link) */
a:hover {color:#FF00FF} /* Dananî mişkeket leser bestrêk (mouse over link)
*/
a:active {color:#0000FF} /* selected link */
```

## نموونەی ١:

لێرەدا بەستەرێک دانراوە لە پەرگەیەکی html دا کە بەڕەنگی ڕەش دەردەکەوێت وە کاتێک کە بە مشکەکەت دەچیتەسەری ئەوە ڕەنگی بەستەرەکە دەگۆڕێت بۆ سوور، ئەوەشمان لە پەرگەیەکی css دا پێناسە کردووە وەک لەخوارەوە دیارە.

```
a:link {color: #000000}
a:visited {color: #00FF00}
a:hover {color: #FF0000}
a:active {color: #0000FF}
```

```
<p><a href="http://chawg.org" target="_blank">Bester bo perrey seretay
Chawg</a></p>
```

# pseudo-elements

`pseudo-elements` بەهەمان شێوەی `pseudo-classes` بەکاردێت بۆ پێدانی کاریگەرییەک بۆ هەر selector ێک.
ڕستەکار (syntax) بۆ pseudo-elements بریتییە لە:

```
selector:pseudo-elements {property:value}
```

دەتوانرێت پۆل (class) لەگەڵ pseudo-elements بەکارببرێت :

```
selector.class:pseudo-elements {property:value}
```

## نمونەی ١:

```
p:first-letter {
color:#ff0000;font-size:xx-large
}
```

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
```

```
</head>

<body>
<p>Bibîne ke pîtî yekem be gewreyî u rengî sûre.</p>
</body>
</html>
```

## نمونەی ٢:

```
p:first-letter {
color:#ff0000;font-size:xx-large
}
p:first-line {
color:#0000ff
}
```

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>
<!-- Dêrrî yekem hemuy be rengî şîn ebêt -->
<p>Lorem Ipsum is simply dummy text of the printing and typesetting
industry. Lorem Ipsum has been the industry's standard dummy text ever
since the 1500s, when an unknown printer took a galley of type and
scrambled it to make a type specimen book.
It has survived not only five centuries,but also the leap into electronic
typesetting, remaining essentially unchanged.</p>

</body>
</html>
```

# پاشبنەما - background

تایبەتمەندی پاشبنەما لە CSS ـدا دەتوانین پێناسەی بکەین بە پێدانی کاریگەری ڕەنگی لەسەر هەر توخمێک کە لە پەڕگەکەدا دەکرێت. تایبەتمەندی پاشبنەما ئەمانە لەخۆ دەگرێت، بەواتای ئەوەی کە بەو چەند شێوەیە پێناسە دەکرێت:

- background-color
- background-image
- background-repeat
- background-attachment
- background-position

## ڕەنگی پاشبنەما - Background Color

ئەم تایبەتمەندییە پێناسەی ڕەنگی پاشبنەما دەکات لە پەڕگەیەکی css ـدا، بەڵام ئەگەر ڕەنگی بدەین بە پاشبنەما پەڕەیەکی HTMLـدا، ئەوە دەبێت لەناو selector body ـدا بینوسین بەو شێوەی خوارەوە:

```
body {
background-color:#eeeeee
}
```

هەروەها دەتوانرێت ڕەنگی پاشبنەما بۆ رەنگکردنی پاشبنەمای تری وەک نوسینو ...هتد بەکاربهێنرێت:

```
h1 {
background-color:#cccccc
}

p {
background-color:#e0ffff
}

div {
background-color:#b0c4de
}
```

### نموونەیەک

- لە پەڕگەیەکی css ـدا ئەمە بنووسەو پاشەکەوتی بکە بە ناوی style.css

```
body
{
background-color:#dbcb35;
}
```

- ئەم کۆدانەش لە پەڕگەیەکی htmlـدا بنووسە:

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>

<h1>Serdêrri Babet</h1>
<p>Seyrî  pasbnema bike ke rengman dawetê le perrgey css da.</p>

</body>
</html>
```

## پاشبنەمای وێنەیی - Background Image

ئەم تایبەتمەندییە بەکاردێت بۆ دانانی وێنە وەک پاشبنەمایەک، پاشبنەمای پەڕەیەک بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:

```
body {
background-image:url('wêneke.png')
}
```

## نموونەیەکو کۆکردنەوەی ٣ تایبەتمەندی

لەم نموونەیەدا ٣ تایبەتمەندی کۆکراوەتەوەو کراوە (`background-image`، `background-repeat`، `background-position`) بە نموونەیەک، بۆ ئەوەی زیاتر لەو تایبەتمەندیانە بگەیت ئەوە ئەبێت گۆڕانکاری بکەیت تاوەکو بزانیت کاریان چییە.

- پەڕەیەکی `css` دەرووست بکەو ئەو کۆدانەی تێدا دابنێ و پاشان پاشەکەوتی بکە:

```
body
{
background-image:url('wêneke.png');
background-repeat:no-repeat;
background-position:top right;
margin-right:150px;
```

```
}
```

- ئەو کۆدانەش لە پەڕەیەکی `html` دا پاشەکەوت بکەو پاشان سەیری بکە بزانە چۆن دەردەکەوێت:

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>

<h1>Lem Nimuneyeda,</h1>
<p>bekarhênani paşbinema bê dubare kirdnewe (no-repeat) u herweha (set postion).</p>
<p>Lêreda paşbinemake tenha 1 car derdekewêt wate dubare nabêtewe.</p>

 </body>
</html>
```

# Selectors Class and ID

لەهەر پەڕەیەکی CSS دا دەتوانین `ID Selector` بەوە بناسینەوە کە (#) پێش وشەیەک بێت، بەڵام `Class` بە نیشانەی (.) دەناسینەوە.

**بۆ نموونە:** لەپەڕەی css دا ئەمە بنووسە:

```
#serder {
	background-color: #ccc;
	padding: 1em
}

.sereta {
	color: #fff;
	font-weight: bold;
}
```

هەروەها ئەمەش لە پەڕەی html دا بنووسە:

```
<html>
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="style.css" />
</head>

<body>
<div id="serder">

<h1>Serdêrrî Babet</h1>

<p class="sereta">Hemû şitêk seretayekî heye, emeş beşêke lew
seretaye!</p>

</div>

</body>
</html>
```

وەرگیراوە لە سایتی : www.chawg.org

چاک کردن : سامڕەند حاجی